# هەولێرییەکان یەکگرتوویان خۆش دەوێ..



**راپۆرتی: شکۆ جەمیل**

یەکگرتوو بە بەدەستهێنانی (٥٣)هەزار دەنگ لە شاری هەولێر، لەوە دڵنیابوو کە هەرگیز هەولێرییەکان پشت لە یەکگرتوو ناکەن، ئەگەرچی کاری زۆر کرا بۆ ئەوەی یەکگرتوو و هەولێر لەیەك جیابکەنەوە، یەکگرتوو لە هەولێر بە پاشخانی بیری میانڕەوی و گیانی خزمەتگوزاری بۆتە بەشێکی جیانەکراوە لە شاری قەڵا و منارە..

## یەکگرتوو لەو تاقیکردنەوەیەش سەرکەوتوو بوو

پێش هەڵبژاردن دەزگا راپرسییەکانی سەر بە دەسەڵات بەردەوام خەریکی پەخشکردنی ئەوە بوو کە یەکگرتوو تەنانەت ناتوانێت (٥٪) دەنگەکانی هەولێر بەدەست بهێنێت، هەربۆیەش بەردەوام خەریکی بچووکردنەوەی رۆڵ و تەواجودی یەکگرتوو بوون لەو شارە، لەلایەکی دیکەوە پیاوانی دەسەڵات لە پۆلیس و ئاسایش و رێکخراو ئەگەر شەوانە لافیتەکانی کاندیدەکانی یەکگرتوویان ئەنفال نەکردبایە ئەوا هەرگیز خەو لە چاویان نەدەکەوت، هەروەها کاندیدەکانی دەسەڵات خۆیان لە روبەڕووبوونەوەی کاندیدەکانی یەکگرتوو دەبوارد، نەوەك خوا نەخواستە هێز و توانای ئەوان بۆ جەماوەری شاری هەولێر دەرکەوێت، دەزگا راگەیاندنەکانیشان هەرگیز لەپێش هەڵبژاردن لە ناوزڕاندنی کاندیدەکانی یەکگرتوو نەوەستا، تەنانەت بەرپرسی راگەیاندنی پارتی لە دوارۆژی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە (تەلەفزیۆنی زاگرۆس) بێ یەك و دوو کەوتە هێرشە کردنە سەر سەروەرییەکانی یەکگرتوو و لێدانی کاندیدەکانی، بەڵام هەولێرییەکان هەرگیز بەو زمانە زبرە چاوەشە نەبوون و بە دەنگ وەڵامی ئەوانیان دایەوە..

ئەوان دەیانویست هەر چۆنێك بێت یەکگرتوو لە هەولێر بخەن، دوورخستنەوەی یەکگرتووش لە پایتەخت یانی گەمارۆدانی یەکگرتوو لەو دەڤەرە، بەتایبەت ئەوان هەر لەو راپرسییانەی خۆیان ئەوەیان رادەگەیاند کە بێجگە لەخۆیان کەس ناتوانێت یەك کورسی بهێنێت، نەك تەنها لە هەولێر بەڵکو لە شاری دهۆکیش..

## یەکگرتوو شانازی بە پاشخانی ئیسلامی خۆی دەکات

بۆ فریودانی جەماوەری شاری هەولێر لە لایەنێکی دیاریکراو کار بۆ ئەوە کرا کە پێناسەیەکی دیکە بۆ یەکگرتوو بکەن، ئەویش یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو ئەوانیش هاوشێوەی هەموو حیزبەکانی ترن، بۆیە دەنگدان بە یەکگرتوو دەنگدانە بە حیزبێکی عەلمانی، ئەگەر دەنگیش بەئێمە بدەن ئەوا دەنگتان بە بەهەشت و ئایینی خوا داوە، چونکە ئەوەی محەمەدی (د.خ) خۆش دەوێت دەبێت دەنگ بدات بەوان، ئامانجی سەرەکی لە گرتنەبەری ئەو گوتارە لەلایەن لایەنێکی دۆست تەنها ئەوەی لێ خوێندرایەوە کە هەموو کارێك دەکەن بۆ ئەوەی دەنگێك لە یەکگرتوو زیاتر بهێنن، لەوەش کار لەسەر هەستی ئاینداری خەڵکی شاری هەولێر دەکەن و یەکگرتووش لە چوارچێوەی پاشخانی ئیسلامی دەردەکەن، بەڵام دواجار خەڵکی هەولێر پشتیان لە یەکگرتوو نەکرد و ئەمجارەش ئەو موزایەدەی ئەو لایەنە دیاریکراوە سەری نەگرت، هەر ئەمەش وای لە تەمەندارێکی وەك (فاتیمە ئەحمەد) بکات، لە بەردەمی دەزگاکانی راگەیاندن بڵێ من ئەوە بە دینداری دەزانم کە بەردەوام منداڵە هەتیوەکان نان دەدات، نەك ئەوانی باوکیان بەناوی کوردایەتی و...... بەکوشتدا..

## لە (٢٩ هەزار)ەوە بۆ (٥٣ هەزار)

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی (٢٠٠٥) یەکگرتوو توانی لە شاری هەولێر (٢٩)هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) بە یەکەم هەڵبژاردن دانرا کە موعارەزەی لە کوردستاندا بەرهەمهێنا، ئەمجارە یەکگرتوو لە هەولێر (٥٣) هەزار دەنگی بەدەستهێنا، بەتایبەت کە لە چەند گەڕەکێکی ناوشاری هەولێر پلەی دووەم و سێیەمی بەدەست هێنا..

# (کەرکوک) باوەشی بۆ یەکگرتوو کردەوە

# گوتاری میانڕەوی و نیشتمانپەروەری هۆکاری سەرکەوتن بوون

**راپۆرتی: کۆشان عەلی زەمانی**

وەکو لە سەرەتاوە چاوەڕوان دەکرا، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە هاوکێشە سیاسییەکان دەگۆڕێت، ئەوەبوو ئەم هەڵبژاردنە لە کوردستان و عێراقدا گۆڕانکاری بەرچاوی هێنایە کایەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و لایەنە کوردی و عێراقییەکان چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بوون، بەتایبەت شاری کەرکوك.



هەرچەندە لە ئێستادا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بەتەواوی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە رانەگەیەنراوە، بەڵام بەپێی ئەنجامە بەراییەکان یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان موفاجەئەی گەورەی تۆمار کردووە. یەکگرتوو لەم هەڵبژاردنەدا سەلماندی کە ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەرییە. ئەوەی زیاتر جێگەی لەسەر وەستانە رێژەی دەنگەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووە لە پارێزگای کەرکوك.

لە دوای جەنگی عێراق و لە ساڵی (٢٠٠٣)ـەوە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەستی کردووە بە کار و چالاکییەکانی لە شاری کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەریدا. یەکگرتوو وەکو هێزێکی ئیسلاحی و ئیسلامیی و میانڕەو لە کار و چالاکییدا، دەستی کردووە بە کار و چالاکییەکانی لە شاری کەرکوك. خیتابی یەکگرتووی ئیسلامی خیتابێکی دوور لە پەرچەکرداره، (رێبوار سەید گوڵ) بەرپرسی مەڵبەندی (٦)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە شاری کەرکوك دەڵێت: "خیتابی یەکگرتوو دوورە لە رەدولفیعلی هیچ لایەنێکی تر". بەم شێوەیە خەڵکی کەرکوك خواستی گوتاری لەم شێوەیەیان هەیە لەناو ئەو هەموو دروشمە بریقەدارانەی لەو ناوچەیەدا بەرزدەکرێتەوە، لە ناوچەیەکدا کە دەکرێت بوترێت کەرکوك ناوچەی یەکلاییکەرەوەی ئایندەی عێراقە.

### لە کەرکوك سەرکەوتووین

یەکگرتوو لەسەر هەڵوێستە نیشتمانییەکان سووربووە و زمانێکی تەندروستی بەکارهێناوە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، (رێبوار سەید گوڵ) رایدەگەیەنێت کە ئێمە کارمان لەسەر دوو جەمسەر کردووە "یەکەم داکۆکیکردن بووە لەسەر مافە دەستوورییەکانمان. ئێمە چەندین هەڵوێستی نیشتمانیمان تۆمار کردووە. هەڵوێستەکانی بەغدا زیاتر تەئیکد لەو بارەیەوە دەکەن". ئەوەی یەکگرتوو زیاتر لە حیزبەکانی تری سەر ساحەی سیاسی کەرکوك جیادەکاتەوە، ئەوەیە "یەکگرتوو رایگەیاندووە کە هەموو نەتەوەکان عەرەب و تورکمان برای ئێمەن، کەرکوك شاری پێکەوەژیانی هەموو لایەنەکانە". هەر ئەمەشە وادەکات بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو لە کەرکوك بڵێت "لایەنەکانی تری وەکو تورکمان و عەرەب لە خیتابی ئێمە رازین و زیاتر دەرگای خۆیان بەڕووی ئێمەدا دەکەنەوە بۆ گفتوگۆ لەچاو دوو پارتە سەرەکییەکەی تری کوردستان". خیتابی یەکگرتوو لەو ناوچەیەدا "سەرکەوتووبووە" بە گوتەی (رێبوار سەید گوڵ). لەلایەکی ترەوە ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو دەڵێت: "خیتابی یەکگرتوو بۆیە سەرکەوتووبووە چونکە یەکگرتوو بەر لەوەی دروشم بەکاربهێنێت لە سەرەتادا دروشمەکان بەکردار دەکات. یەکگرتوو میسداقییەتی هەیە لە کار و مەنهەجدا".

لەم هەڵبژاردنەدا، لە شاری کەرکوك یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان رێژەی دەنگەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کردبوو. هۆکاری ئەمە بە بۆچوونی (رێبوار سەید گوڵ) ئەوەیە "هەڵوێستیەکانی ئێمە لە بەغدا و لە ناوشاری کەرکوك لەلایەن خەڵکییەوە بەرادەیەکی زۆر جێگەی نرخاندنە". لە لایەکی ترەوە ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو باس لە کاندیدەکانیان دەکات و دەڵێت "کاندیدەکانی یەکگرتوو خۆشەویستی خەڵك و خۆشەویستی شاری کەرکوکن، (حاجی کاروان)

> ئێمە چەندین هەڵوێستی نیشتمانیمان تۆمارکردووە. هەڵوێستەکانی بەغدا زیاتر تەئیکد لەو بارەیەوە دەکەن..

لەلای خەڵکی کەرکوك خۆشەویستە. کادیرەکانی یەکگرتوو لە هەر شوێنێکدا بووبن خۆشەویستی خەڵکی بوون و رەزامەندیی خەڵکیان بەدەست هێناوە". یەکگرتوو پەیمانی داوە کە بەردەوام بێت لەسەر هەڵوێستە نیشتمانییەکانی لە پەرلەمانی ئایندەدا. جێگەی باسە لە چوار ساڵی رابردوودا ئەندامانی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی یەکگرتوو چەندین هەڵوێستی مێژوویان تۆمارکرد و بەگوتەی رێبوار سەید گوڵ "هەمیشە لەسەر هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و مادەی سەد و چل سوور بووین".

### ئایندە روونە

لەدوای ئەم سەرکەوتنەی یەکگرتوو لە کەرکوك و شارەکانی تری کوردستان، چاوەڕوان دەکرێت سەرەتای دەستپێکی سەرکەوتنی گەورەتر بێت. یەکگرتوو بەگوتەی رێبوار سەید گوڵ (بە ئیمکانیەتێکی کەمەوە توانیویەتی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت). بۆیە چاوەروان دەکرێت یەکگرتوو لە هەنگاوی سەرەتای سەرکەوتنی گەورەتردا بێت لە سەرجەم شارەکانی کوردستان. یەکگرتوو خیتابێکی ئیسلاحی و میانڕەوی هەیە، کادیرەکانی یەکگرتوو هەمیشە لەلای خەڵك خۆشەویستن و جێگەی ئومێدی هاوڵاتیانن.